# ڕەمەزان مانگی
# خواپەرستی و بەخۆداچوونەوە



د. بشير خليل حداد*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ڕەمـــەزان یەکێکـە لـەو دوانـزە مانگەی سـاڵ کـە خوای گـەورە لە سیسـتمی گـەردوون دایناوە، بـەڵام مانگێکی جیـاوازە لەوانـی دیکـە و تایبەتمەندی خـۆی هەیە، وەك گـەورە و سـەروەری مانگـەکان. بۆ ئەوەی بە چاکی ئەم مانگـە بناسـین و ئەنـدازەی گـەورەیـی و پیرۆزییەکـەی بزانین، پێویسـتە لە پێشـدا بزانین ئەم مانگە بە چی لە مانگەکانی دیکە جیا دەبێتەوە.

ڕەمـــەزان تاکـە مانگە لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هاتووە و ئـەو مانگەیـە کە قورئانی پیرۆزی تیـا دابەزیوە. خوای باڵادەست دەفەرموێت: (شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ) سـورەتی (البقرە: ١٨٥). ئەم مانگە شـەوێکی تیایە کە شـەوی قـەدرە و خواپەرسـتی تیایـدا چاکتـرە لـە هـەزار مانگ کە ئەو شەوەی تیا نەبێت.

لـەم مانگـەدا خواپەرسـتییەك هەیـە جیـا لەوانـی دیکە، ئەویش بەڕۆژوبوونە، جیا لە هەموو فەرز و عیبادەتەکان خوای گەورە لە فەرمودەی قودسیدا کە پێغەمبەر بۆمان دەگێڕێتـەوە، دەفەرموێت: (الصَـومُ لِي وَأَنَا أَجْزِي بِهِ)، واتە ڕۆژوو بـۆ منـە و هەرخۆیشـم پاداشـتی دەدەمـەوە، بـە مانای هەرخۆم دەزانم چۆن و چەند پاداشتەکە دەدەمەوە.

لە ڕێگای عیبادەتی بەرۆژووبوونەوە مرۆڤ لە سروشتی مرۆڤایەتی بەرزدەبێتەوە بۆ سروشتی فریشتەکان، چونکە فریشـتەکان ناخـۆن و ناخۆنـەوە و زاوزێ ناکـەن و نێـر و مێیینەشـیان نییـە. بـە هـۆی تەراویـح و لـە ڕێـگای قورئـان خوێندنـەوە و زیکر و هەسـتکردن بە تام و چێژی ئیمان، مرۆڤەکان دڵنەرم و لێبووردە دەبن. هەستی مرۆڤ دۆستی و یارمەتیدانی یەکدی و چاکبوون و چاکسازی لە ناخیان دروسـت دەبێت، بە درێژایی ئەم چەند ڕۆژەی مانگـی ڕەمـەزان کە خوای گـەورە بە (أیاما معدودات) یان ناودەبات، وزەیەکی ڕۆحی و ئیمانی وەدەسـت دەهێنن و توێشـووی دنیا و دواڕۆژیان لە خۆ پارێزی (تەقوا) و زاد و زەخیرەی پاك و چاك کۆدەکەنەوە.

لەبـەر ئەمەیـە کە مانگی ڕەمـەزان مانگی نوێبوونەوە و خاوێنبوونەوە و بەرزبوونەوەیە لە ئاستی نزمیی دونیا بەرەو بڵنـدی و فراوانیـی ژیانی نەبڕاوەی دوایی. موسـڵمانان پێویسـتە ئـەم مانا جوانانە لـەم مانگەدا ببینن و ئاکاری جوان و ڕەفتاری شـیرین و گوفتاری پەسـند و ڕەوشـتی بەرز بکەنە ئالیەتی گەیشتن بە ڕەزامەندی خوا .

بەڕۆژووبـوون هـەر ئـەوە نییە کە ورگ و دامنت برسـی بکەیـت، بەڵکـو پێویسـتە نـاخ و ڕۆح و دەروونـت لە مانا جوان و بەرزەکانی پڕبکەیت.

جوانییەکانـی عیبـادەت بریتییە لـە گەڕاندنەوەی هەموو کار و ئەرك و چالاکییەکان بۆ ناو بازنەی شەریعەتی خوا و ئامادەکردنی نییەتی پاك و بێگەرد بۆ ڕەزامەندی خوا و ڕەنگدانـەوەی لـە کار و کردەوەکانمانـدا. چەنـد جوان و دروستە کە بازرگانی موسلمانی ڕۆژووگر، دڵسۆزی لە کارەکەی و ڕاستگۆیی لەگەڵ خەلك و یارمەتیدانیان بە عیبادەت بزانیت و پێشێلکردنی مافی خەڵك و ڕووگرژی لەگەڵیـان و بەرزکردنـی نرخـی کالاکان بە حەرام و تاوان بزانێت. چونکە پێغەمبەرمان (د. خ) دەفەرمویت: (التاجر الصـادق الأمین مع النبیین والصدیقین والشـهداء)، واتە بـازرگان و دووکانـداری ڕاسـتگۆ و دەسـتپاك حەشـری لەگەل پێغەمبەران و پیاوچاکان دەکرێت.

چەنـد جـوان و دروسـت و پێویسـتە کـە بـاوك لـە ماڵەوە زمـان شـیرین و ڕوو بـە پێکەنیـن بێـت و لـە بـەر بەڕۆژووبـوون توورە نەبێـت و هەڵنەچێت.

پێویسـتە هەمووان بزانن کە هەرکەس لـە کاتـی بەڕۆژووبونـدا زمان و دەسـت و چـاوی نەپاراسـت لـە

گوفتار و رەفتاری ناپەسەند، جگە لە خۆبرسیکردن و خۆتێنوکردن هیچی تری بۆ نامێنێتەوە. هەروەك پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرمویت: ( رُبَّ صَائِمٍ لَيْسَ لَهُ حَظٌّ مِنْ صَوْمِهِ إِلَّا الْجُوعُ وَالْعَطَشُ).

دەی کەواتە با هەموومان ئەم مانگە بکەینە مانگی خۆناسین و خواناسین و مانگی بەخۆداچوونەوە و چاککردنی کردەوەو پاککردنەوەی دڵەکانمان.

ئاگری تینوێتی و زەحمەتی برسییەتی بکەینە پاککەرەوەی دڵ و دەروونمان و رۆشنکەرەوەی هەست و بیرمان. فتارکردنەوەی بەربانگ بکەینە گەیشتن بە چڵەپۆپەی بەندایەتی و گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکانی خوا و رەوشتە جوانەکان. پارووەکانی پارشێو بکەینە زادەی جەستە و رۆحمان بۆ هێزی ئیمان و باوەڕمان. زیکر و نوێژ و خوێندنەوەی قورئان بکەینە مەشخەڵی رێگای تاریك و دوورمان. پێویستە ئەوەشمان لە بیر بێت کە لەم رۆژە پیرۆزانەدا دەرگاکانی رەحمەت ومیهرەبانی خوایی والآیە بۆ پاڕانەوە و داواکردن. دەبا هەموومان پڕبەدڵ و بە دڵسۆزییەوە دوعا بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان بکەین و بڵێین: خوایە بە گەورەیی خۆت بیانپارێزە و بە هێزی خۆت بەهێز ودامەزراویان بکە و بە سەرکەوتنی یەکجارەکی دڵی ئەوان و ئێمەش شاد بکە. خودایە تۆ مافی ژیان و ئازادی وسەربەرزی و کەرامەتت بە هەموو مرۆڤەکان رەوا بینیوە، دەی خوای گەورە و باڵادەست میللەتی ستەمدیدەی ئێمەش شاد بکەیت بە ئازادی و سەربەخۆیی و بینینی ئاڵای دەوڵەتی کوردستان و سەرکەوتنی یەکجارەکی بە سەر هەموو دوژمنان وناحەزان.

بە هیوای رەمەزانێکی پڕ فەر و خێر و بەرەکەت، رەمەزانی خۆگۆڕین و سازکردن بەرەو پاکسازی دڵ و دەروونمان و چاکسازی لە کار و کردەوەکانمان و یەکخستنی ریزەکانمان و پتەو کردنی برایەتی نێوانمان.

هەر پیرۆز بێت هاتنەوەی مانگی تاعەت و عیبادەت و مانگی خواپەرستی و بەخۆداچوونەوە لە کوردستان و لە هەموو جیهان.

***مامۆستای زانکۆ و وتاربێژی مزگەوتی جەلیل خەیات/هەولێر**



# خانمان تا چەند پێویستە لە رووی هزری و دەروونی و مەعریفییەوە بایەخ بە خۆپێگەیاندن بدەن؟




**چالاکان و یەکسانخوازان رایانوایە لە دەروونی هەر ئافرەتێکدا هێزێکی گەورە هەیە کە هێزی بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی و لێبووردەییە لە کۆمەڵگەدا، بۆ ئەوەی ئافرەت سوود لەم تایبەتمەندییانە وەربگرێت و لە بەرژەوەنی خۆی و کۆمەڵگە بیانخاتە گەڕ، پێویستە لە رووی هزری و دەروونی و مەعریفیەوە بایەخ بە خۆپێگەیاندن و خۆپەروەردەکردن بدات، بەمەش ئافرەت دەتوانێت کاریگەری لە سەر هزر و تێفکرینی پیاو دابنێت و روانگەی بەرامبەر بە تواناکانی بگۆڕێت، کە دواجاریش گۆڕینی تێڕوانینی کۆمەڵگە لەمەڕ پرسی ئافرەت بەدیدێت، هەر کۆمەڵگەیەکیش ئافرەت تێیدا ئامادە و کاریگەر بێت، ئەوە کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و بەرهەمهێن دەبێت و خۆشەویستی و رێزگرتن و لێبوردەیی بایەخی زیاتری پێدەدرێت. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەرەتا کەژاڵ هۆرمزیار یاساناس و چالاکی کۆمەڵی مەدەنی، هێما بۆ ئەوە دەکات: «لە هەڵە هەرە گەورەکانی ئافرەت، ئەوەیە کە بۆ نرخاندنی خۆی پشت بە پیاو دەبەستێت، ئەویش تەنیا بە هۆی جوانییەکەی لەبەر چاوی پیاو، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە بەهای رۆحی و فیکری خودی ئافرەتەکە کەم بکرێتەوە. دەبێت ئافرەت و پیاویش ئەوە بزانن کە بنەمای تایبەت هەیە بۆ نرخاندنی (خود). یەکێك لەوانە خۆشەویستیی خودە، واتە خۆتت خۆش بوێت، ئەمە گرنگترین بنەمایە بۆ نرخاندنی خۆت، واتە خۆتت قبووڵ بێت، بەو جۆرەی کە هەیت. بە تایبەتی ئافرەت دەبێ خۆی قبووڵ بێت، شێوەی جەستە، دەنگ، خەسڵەتی مێینەیی، هەموو ئەوانەی پێوەندیان بە خۆیەوە هەیە، خۆشی بوێ. خۆشەویستی خودیش مەرجدار نییە و لە بنەما گرنگەکانی ئەوەیە کە تەماشای خۆت بکەیت و کاریگەر نەبیت بە تێڕوانینی ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەو بارودۆخە ناپەسەندەی بۆ ئافرت رەخساندووە. نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە هەموو رەگەزی مێینە بە جوانیی ناخ و دەرەوەی جیا دەکرێتەوە.» ئاماژەی بەوەش کرد کە متمانەکردن بە خود و رێزگرتن لە خود، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئازاد، لەخۆ بردوو، کارامە و بەتوانا لە پێوەندی و گەیشتن بە کەسانیتر بێت. گوتیشی: «هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی و هەستکردن بە تواناکان کاریگەری ئەرێنی دەبێت لە سەر کەسانیتر و لەسەر راڤەکردنی را و بۆچوونەکان بە شێوەیەکی رون و ئاشکرا توانایەکی بەرزت پێدەبەخشێت.»

کەژاڵ هۆرمزیار لە درێژەی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە «ئافرەت توانای تایبەتی خۆی هەیە و زۆر جاریش بەشێك لە تواناکانی لە پیاویش زیاترە، بەڵام بە مەرجێك هەمیشە هەوڵی بەرزکرنەوەی ئاستی هوشیاری خۆی بدات و لەو رێگەیەوە باشتر خۆی و مافەکانی بناسێت.» گوتیشی: «ژنی ناهۆشیار دەیەوێت لە رێی خۆجوانکردنەوە سەرنجی پیاوان بۆ لای خۆی راکێشێت و وای دەبینێ کە پیاو تەنیا پەسەندە بەوە دەکات، بەڵام ژنی هۆشیار بایەخ بە جوانی ناخ و متمانەکردن بە خۆی و هەوڵی خۆپێگەیاندن دەدات، ئەوەش بە پێوەر دادەنێت و هەست بە بوونی پیاویش دەکات و خۆی و پیاویش وەك ئافەریدەی یەزدان سەیردەکات و هەوڵدەدات جیاوازی رەگەزی نەهێڵێت. ژنانی ئەم سەردەمە زیاتر تێگەیشتوون و هوشیارتریشن و لە پێوەندییەکانیان و لە راڤەکردنی راوبۆچوونەکانیاندا زیاتر میانڕەون، بەڵام کۆمەڵگەکەمان پیاوسالاری و نەریتییە و زیاتر رێز لە کار و پیشەی پیاوان دەگرێت، ئەوەش دەبێتە هۆی نابەرابەری لە نێوان وزەی نێر و مێ و ئارەزووکردنی هەڵبژاردنی پیشەی نێرانە، یان پیاوانە، ئەوەش کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی رێژەی کوشتن و پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەت زیاتر جیاوازی رەگەزییە و زاڵبوونی نەریتی پیاوسالارییە و کەم بەهاکردنی کار و تواناکانی ئافرەتە، خۆ ئەگەر پێگەی ئافرەت وەك خۆی سەیر بکرێت، ئەوا کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر و دادپەروەرمان دەبێت.»

شەونم عەبدول چالاکی بواری پاراستنی مافی یەکسانییە و رایوایە «تێکۆشانە بەربڵاوە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتان و رێکخراوە ئەکتیڤەکانی بزاڤی ژنان، لە بەرامبەر جیاکارییە رەگەزییەکاندا، ئەوە بووە کە هەوڵی بارهێنان و پێگەیاندن و بردنەسەری ئاگایی رەگەزی ژنان و بەدەستهێنانەوەی مافەکانیان داوە، ئەوەش هۆکارێکە کە وایکردووە ئافرەتان بە هێزێکی زیاترەوە بتوانن بەربەرەکانێ لەگەڵ سیستمی پیاوسالار بکەن و مەیدان لە بەرژەوەندی



**ئێمەی ئافرەت هەمیشە باس لەوە دەکەین کە لە ناو کۆمەڵگەدا غەدرمان لێدەکرێت، یان رێگری لە بەرەوپێشووەچوونمان دەکرێت، بەڵام هەرگیز راستگۆیانە باسمان لەو غەدر و قبووڵنەکردنی یەکترە نەکردووە کە لە ناو خۆماندا هەیە**

**ئافرەت توانای تایبەتی خۆی هەیە و زۆر جاریش بەشێک لە تواناکانی لە پیاویش زیاترە، بەڵام بە مەرجێک هەمیشە هەوڵی بەرزکرنەوەی ئاستی هوشیاری خۆی بدات و لەو رێگەیەوە باشتر خۆی و مافەکانی بناسێت**

**تێکۆشانە بەربڵاوە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتان و رێکخراوە ئەکتیڤەکانی بزاڤی ژنان، لە بەرامبەر جیاکارییە رەگەزییەکاندا، ئەوە بووە کە هەوڵی بارهێنان و پێگەیاندن و بردنەسەری ئاگایی رەگەزی ژنان و بەدەستهێنانەوەی مافەکانیان داوە**

**راستە ئەرکی ژنانە خاڵی کۆتایی بۆ ئەو ناعەدالەتییانە دابنێن کە رۆژانە رووبەڕووی دەبنەوە، ئەمەش بە دڵنیاییوە تەنیا بە متمانە بەخۆبونی ژنان ناکرێت و پێویستی بە کارکردن و پێکەوەنانی ئەزموون و رۆشنبیرییەکی گەورە هەیە، کە پیاویش هاوکاری بکات**

**ژنان زیاتر لە سێ سەدەیە تێکۆشانی بەربڵاوی خۆیان دەست پێکردووە و لە زۆر بواردا وەک فشارهێنان بۆ سەر کەلتوورە دواکەوتووەکان و بە قبووڵکردنی باجی گەورە توانیویانە سیستمی پیاوسالاری ناچار بە گەڕانەوە بکەن و مافە بنەڕەتییەکانی خۆیان بەدەست بێننەوە**

ئـەو سیسـتمە چـۆڵ نەکـەن.» گوتیشـی: «ئەگەرچی زۆرجار لە سـەر پێداگیریمان بۆ بەدەسـهێنانی پلە و پایە و دەسـەڵات لێـرە و لـەوێ لە کەسـایەتیمان دەدرێت، بەڵام هەموو کاتێك لەسەرخۆیی ژنان هەوڵی دۆزینەوەی رێکار و چارەسەرگەلێکی پوزەتیف بووە بۆ لەناوبردنی کێشەکان و بەربەرەکانـێ لەگـەڵ رووداوە جۆراوجـۆرەکان، پیاویـش هەمـوو کاتێـك بە شـەڕ و کێشـەنانەوە و دانانی بەربەسـت لەسـەر رێگـەی بەرامبەری، دەسـەڵاتخوازی خـۆی برەو پێـداوە، ئەگەریـش ژنـان لـەو قۆناغـەدا توانـای بەرابەری و ئەکتیڤبوونی خۆیان دەرخسـتبا، بە ئاسـانی دەیانتوانی دەسەڵاتخوازی و ئاسایشی پیاوان تووشی ئاڵۆزی بکەن. ئەم رێکارە زیرەکانە دەتوانێ هەمان ئەو بابەتگەلە بێت کە بە ناهەقی لە پەیڤی پیاوانەدا بە ناوی مەکری ژنانە باسی لێـوە دەکرێـت. بـە پەراوێزخسـتنی ژنان لە بەدەسـتهێنانی ئاگایی و فێربوون، هەلی دەرکەوتنی بیرۆکەکانیشیان لێ سەندراوەتەوە و ئەم پەراوێزخستنە تا سەدەی بیستەمیش لە زۆربەی وڵاتاندا، دژ بە ژنان پێڕەوکراوە و شتێکی رەوا بووە لە نێو کۆمەڵدا، تا ئەمڕۆکەش لە نێو بەشێك لە کۆمەڵگە گەورەکان و بە رواڵەت پێشکەوتووەکانیشـدا بە شـێوەیەکی بەربڵاو دەبیندرێت، بەڵام ژنانیش دەسـتەوئەژنۆ دانەنیشـتوون و زیاتـر لـە سـێ سـەدەیە تێکۆشـانی بەربـڵاوی خۆیـان دەسـت پێکـردووە و لـە زۆر بـواردا



وەك فشـارهێنان بـۆ سـەر کەلتـوورە دواکەوتـووەکان و بـە قبووڵکردنی باجی گەورە توانیویانە سیستمی پیاوسالاری ناچـار بـە گەڕانـەوە بکەن و مافـە بنەڕەتییەکانی خۆیان بەدەسـت بێننـەوە. گەرچـی سیسـتمی پیاوسـالار بـە کەڵـك وەرگرتـن لـە دەسـەڵات و کەلتـوورە نەریتییەکان لە بوارگەلێکی دیکەوە کەوتەوە مەیدانی بەربەرەکانێ، بەڵام بە خۆشـییەوە ئەم هەوڵانە نەك نەبوونەتە کۆسـپ، بەڵکو هـۆکاری چارەسـەرین، هەنووکەش دەتوانیـن بڵێین کە ئەم هەڵاواردنانـە لـە نێو کۆمەڵگە جیـاوازەکان و بەتایبەت لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا هەر ماون و تەنیا جۆر و شێوازی هەڵاواردنەکـە گـۆڕدراوە و رواڵەتێکـی دیکـەی بەخـۆوە گرتووە و لە قەوارەیەکی دیکەدا مانەوەی خۆی دەپێوێ و هەوڵ بۆ لە پەراوێزخستنی ژنان لە بەدەستهێنانی ئاگایی و بەرزکردنەوەی ئاسـتی زانیاری، لە قەوارەگەلێکی نوێ و بە نێو پێشکەوتوودا دەدا .»

حەسـیبە سـەعید ئیبراهیـم مامۆسـتایە لـە پـەروەردەی سـۆران و ئەویش رایوایە جوانییەکانی ژیان لە ناخی هەر ئافرەتێکدا بەدی دەکرێت، بە مەرجێك خۆی بوونی خۆی بسـەلمێنێت و ناخـی دەربخـات. هەر لـەو بارەیەوە گوتی: «ئافرەت بریتییە لە دایك، هاوسەر، خوشك، خوشەویستی و میهرەبانی و....هتد. هەروەها ئافرەت دیارییەکی جوانی پـەروەردگارە و دوورتریـن سـنووری سـۆز و میهرەبانی لە ناخیدا بەدی دەکریت و کاریگەری راسـتەوخۆی لە سـەر رەگـەزی بەرامبـەر هەیـە و دەتوانێت بـڕوای تەواوی پێ بهێنێـت و لـە کەسـێکی توندوتیـژ و رقـاوی، بیگۆڕێـت بۆ کەسـێکی نەرمونیان. « گوتیشـی: «ئێمەی ئافرەت هەمیشـە بـاس لـەوە دەکەیـن کـە لـە نـاو کۆمەڵگـەدا غەدرمـان لێدەکرێـت، یان رێگری لە بەرەوپێشـووەچوونمان دەکرێـت، بـەڵام هەرگیـز راسـتگۆیانە باسـمان لـەو غەدر و قبووڵنەکردنـی یەکتـرە نەکـردووە کـە لـە نـاو خۆمانـدا هەیـە. بـە بڕوای مـن ئافرەت خۆی زیاتر لـە پیاو رێگرە لـە بـەردەم پێشـکەوتنەکانی ئافرەتدا، هۆکارەکەشـی زیاتر ئیرەیـی بـە توانـا، یان بوێـری کەسـێکی هاوڕەگەزیەتی. بۆ نموونە ئەگەر لای ئافرەتێك ستایشـی زیرەکی و لێهاتوویـی ئافرەتێکـی دیکە بکرێـت، لەوانەیە ئەگـەر بـە ئاشـکراش نەبێـت، ئـەوا لـە ناخیـدا قبووڵی نەبێت. بۆیە پێویستە لە ناو خۆماندا فێری لێبوردەیی وپەسـندکردنی یەکتر بین و فێری ئەوە بین، سـوود لـە هێـز و هـزر و تواناکانـی یەکتـر وەربگریـن، بۆ ئەم مەبەسـتەش پێویسـتە ئافرەت خۆی دروسـت بکات و گرێکوێرەکانی ناخی بکاتەوە، لە رێگەی بە شداریکردن لە خولی رۆشـنبیریی کەسـی و پەروەردەیی و کۆبوونەوەکان، تاوەکـو بتوانێـت ئاڵوگـۆڕی بیـروڕاکان بـکات و بتوانێـت نەوەیەکـی بەتوانـا پـەروەردە بکات و سـوود بـە کۆمەڵگە بگەیەنێت.»

## هیڤا حاجی میرخان:

# ئافرەتان هەروەک چۆن لە شۆڕشی شاخدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە دەبێت لەم کاتە هەستیارەشدا ڕۆڵی خۆیان لە تێپەڕاندنی قەیرانەکەدا بگێڕن



**بڕینی بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان لە لایەن بەغدا، شەڕی داعش و داڵدەدانی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی شەڕی عێراق و سووریا لە باشووری کوردستان، قەیرانێکی گەورەی دارایی دروست کردووە. ئەگەرچی حکومەتی هەرێم بە هەموو توانایەوە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات، بەڵام توانای پێشمەرگە قارەمانەکان و خۆڕاگریی هاونیشتمانیان و ڕۆڵی ئافرەتان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەددیيانەدا تەوەرێکی سەرەکین کە جێی ڕامان و هەڵوەستەکردنن. هەر سەبارەت بەم بارودۆخەی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە لەم دیمانەیەدا پەرلەمانتار هیڤا حاجی میرخان ئەندامی لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان لە سەر لیستی زەرد، وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەداتەوە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**هەرێمی کوردستان لە ساڵانی ٢٠٠٣ تا کۆتایی ٢٠١٣ بە پشتبەستن بە کەرتە جیاوازەکان پێشەوەچوونێکی بەرچاوی هەبووە، بەتایبەت لە کەرتەکانی بیناسازی، ڕێگاوبان، گەشتوگوزار و پیشەسازی، بەڵام بەداخەوە لەم نێوەدا کشتوکاڵ فەرامۆش کرا و هەماهەنگی لە نێوان کەرتە جیاوازەکانی ئابووریی کوردستاندا نەبوو**

**ئەگەر حکومەتی هەرێم بە بایەخەوە پاڵپشتی کەرتی کشتوکاڵی بکات و هەوڵی زیادکردنی داهاتی بدات، بە شێوەیەک کە پێویست بە هاوردەکردنی بەرهەم نەبێت لە دەرەوەی هەرێم، ئەوا هەنگاوێکی باشی ناوە، لەبەر ئەوەی بە رای من کەرتی کشتوکاڵ لە ئاستی بەرهەمی نەوت گرنگترە و دەتوانین ناوی بنین زێڕی سەوز و سەرچاوەیەکی گەورەی داهاتە**

**حکومەتی هەرێم لەو برە بودجەیە کە لە عێراق وەری دەگرت، نزیکەی ٣٠٪ی بە کاردەهێنا بۆ وەبەرهێنان و نزیکەی ٧٠٪ی بۆ بودجەی بەکاربەر خەرج دەکرا، هەر وڵاتێکیش کە ڕێژەی بودجەی بەکاربەری زیاتر بێت لە وەبەرهێنان، باری ئابوورییەکەی بەرەو خراپبوون دەڕوات**

*** سەرەتا با لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، کە دەگوترێ قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان لەو کاتەوە دەستی پێکردووە، کە حکومەت تەنیا پشتی بە نەوت بەستووە، رای ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

-هەر کەسێك شارەزای ئابووری و کاروباری نێودەوڵەتی بێت، دەزانێت کە ئەم ماوەیە قەیرانێکی سەرتاسەری هەموو جیهانی گرتووتەوە، بە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشەوە، بەڵام ئەوەی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رووی دەدات، بە عێراق و کوردستانیشەوە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە سیستەمی ئابووری و رامیاریی ناوچەکە. ئێمە لە کوردستان لەبەر دوو هۆی سەرەکی وەکوو پێویست ئامادەییمان نەبووە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم گۆڕانکارییانە. یەکەم: ئێمە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نین و ئەزموونی بەڕێوەبردنی درێژخایەنمان لە ئیدارەکردنی خۆمان نییە. دووم: هیچ ئامادەکارییەك و خوێندنەوەیەکی دروست و زانستییانە بۆ ئەم گۆڕانکارییانە نەکراوە و سوود لە توانا و زانستی شارەزایان لەم بوارەدا وەرنەگیراوە، ئەمەش بووەتە هۆکاری قەیرانی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کەمێك قووڵتر سەیر بکەین، قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٣وە دەستی پێکردووە. لە ساڵی ١٩٩١ تا ساڵی ٢٠٠٣، واتە لە کاتی رژێمی بەعس هیچ بودجەیەك لە حکومەتی عێراقەوە بە فەرمی رەوانەی هەرێمی کوردستان نەکرابوو. هەرێمی کوردستان بۆ دەستکەوتی داهات پشتی بە گومرگەکان و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەستبوو، هەروەها پرۆژەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە سەر عێراقدا سەپێندرابوو، هاوکار بوو بۆ هەرێمی کوردستان، ڕێژەی فەرمانبەرانیش لە چاو ئێستا زۆر کەمتر بوو، کۆمەڵێك رێکخراوی بیانیش کە چالاك بوون لە هەرێمی کوردستان، رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە ئاوەدانکردنەوەی گۆندەکانی هەرێم و چوونەوەی جووتیاران بۆ گۆندەکانیان، ئەمەش وایکرد پشت بە خۆمان ببەستین، بەڵام دوای ساڵی ٢٠٠٣ و رووخانی رژێمی بەعس، هەرێمی کوردستان بەشە بودجەی خۆی لە عێراق وەردەگرت و بە پێی یاساکانی بودجەی عێراقیش پارەی خەرج نەکراو، دەبووا بگەڕێندرێتەوە بۆ خەزێنەی عێراق، یان تەسویە لە بودجە کرابا. لەبەر ئەمە حکومەتی هەرێم هەڵستا بە دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەران بۆ ئەوەی هەرێم سوود لە مافە داراییەکانی خۆی وەربگرێت، بەڵام لە کاتی ئێستادا ئەوە بووەتە بارگرانییەك بۆ حکومەتی هەرێم. کەواتە حکومەتی هەرێم لەو بڕە بودجەیە کە لە عێراق وەری دەگرت، نزیکەی ٣٠٪ی بە کاردەهێنا بۆ وەبەرهێنان و نزیکەی ٧٠٪ی بۆ بودجەی بەکاربەر خەرج دەکرا، هەر وڵاتێکیش کە رێژەی بودجەی بەکاربەری زیاتر بێت لە وەبەرهێنان، باری ئابوورییەکەی بەرەو خراپبوون دەڕوات. لە ساڵی ٢٠٠٣ بەولاوە خەرجییەکانی سەروەری و حاکیمە لە بودجەی گشتی عێراق دەردەهێنرا، دوای ئەوە ١٧٪ی بەشی هەرێم رەوانە دەکرا و ساڵ بە ساڵیش خەرجییەکانی سەروەری زیادی دەکرد، ئەمەش وایکرد کە پشکی هەرێم لە١٧٪ کەمی کرد، تا گەیشتە نزمترین ئاست کە نزیکەی ٨,٧٪ و زیاترین رێژە نزیکەی ١٢٪ بوو، ئەمەش بارگرانی بۆ سەر ئابووری هەرێم دروست کرد.

*بۆچی حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە بەروبوومی کشتوکاڵی زیاد بکات، بۆ ئەوەی هەرێم پشت بە بەرهەمی دەرەوە نەبەستێت؟

- سەرەڕای نەبوونی سیاسەتی گەشەپێدانی ئابووریی دیاریکراو، هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ عێراق و هەندێك لە وڵاتانی ناوچەکە پێشوەچوونی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. واتە هەرێمی کوردستان لە ساڵانی ٢٠٠٣ تا کۆتایی ٢٠١٣ بە پشتبەستن بە کەرتە جیاوازەکان بە رادەیەکی بەرچاو بەرەوپێشچووە، بەتایبەت لە کەرتەکانی بیناسازی، رێگاوبان، گەشتوگوزار و پیشەسازی، بەڵام بەداخەوە لەم نێوەدا کشتوکاڵ فەرامۆش کرا و هەماهەنگی لە نێوان کەرتە جیاوازەکانی ئابووریی کوردستاندا نەبوو. لە کابینەی رابردوو حکومەت لە رێگەی وەزارەتی کشتوکاڵەوە هەوڵی پاڵپشتیکردنی کەرتی کشتوکاڵی دا، بەڵام زۆر سەرکەوتوو نەبوو، بە هۆی ئەوەی سیستەمێکی گونجاوی بۆ بەڕێوەبردنی پلانەکان نەبوو. ئەگەر حکومەتی هەرێم بە بایەخەوە پاڵپشتی کەرتی کشتوکاڵی بکات و هەوڵی زیادکردنی داهاتی بدات، بە شێوەیەك کە پێویست بە هاوردەکردنی بەرهەم نەبێت لە دەرەوەی هەرێم، ئەوا هەنگاوێکی باشی ناوە، لەبەر ئەوەی بە رای من کەرتی کشتوکاڵ لە ئاستی بەرهەمی نەوت گرنگترە و دەتوانین ناوی بنین زێڕی سەوز و سەرچاوەیەکی گەورەی داهاتە. بۆ نموونە گەنمی کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاستی یەکەم بووە، جۆی هەرێم لە رووی کوالێتییەوە لە ئاستی یەکەم بووە لە جیهان، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین بۆ گەڕانەوەمان بۆ ئەم کوالێتییە و هەروەها پەرلەمانیش پێویستە کە یاسای نوێ دابڕێژێت و پێداچوونەوە بۆ یاساکان بکات، کە لە بەرژەوەندی جووتیاران و داهاتی کشتوکاڵی هەرێم بێت. ئەگەر ئەم خاڵانە جێبەجێ بکرێن، جووتیاران بە خۆشحاڵییەوە روو دەکەنەوە گۆندەکان و کشتوکاڵ پەرە دەستێنێت و دەبێتە سەرچاوەیەکی بژیوی ژیان. بەڵام پشتبەستن بە کەرتی نەوت و داهاتی، هەموو کەرتەکانی دیکەی لە کار خستووە، کە پێویستە زۆر بە خێرایی کاربەدەستان کار بۆ گۆڕانکاری لەم سیاسەتەدا بکەن. من لێرەوە داوا لە هاووڵاتییان دەکەم کە بە کڕینی بەروبوومی خۆماڵی کە تەندروستترن، پاڵپشتی جووتیارانی خۆمان بەکن.

*** وەك ئابووریناس و ئەندامێکی لیژنەی دارایی پەرلەمان چ پرۆژە و پێشنیارێکت هەیە بۆ ئەوەی هاوسەنگییەك لە نێوان مووچەی فەرمانبەران و کەرتی تایبەت دروست ببێت؟**

- هەروەکوو ئاشکرایە هەنگاوی سەرەکی لە داڕشتنی سیاسەتی ئابووریی هەرێم بە شێوەیەکی زانستییانە چارەسەرکردنی گرفت و قەیرانەکانە لە چوارچێوەی پلانێکی هەماهەنگ بۆ هەموو کەرتە ئابوورییەکان و هاوتەریب لەگەڵ گەشەپێدان و وشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەموو لایەنەکانی چارەسەری سەرەکی دەستنیشان دەکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش لە رووی ئابوورییەوە پێویستە تەرکیز بخرێتە سەر رێکخستن و پێشخستنی سیستەمی بانکی لە هەرێم و داڕشتنی سیستەمێکی نوێی باج کە پشتگیری لە چینی

هەژار بکات و هەلی یەکسان بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە دەستەبەر بکات. لە رووی یاسایی و کارگێڕیشەوە پێویستە کاری جددی بۆ بکرێت و بەشێکی فەرمانبەران بەتایبەت بۆ ئەم بابەتە راهێنانیان پێ بکرێت، هەروەها کەمکردنەوەی کەرتی گشتی و پەرەپێدان بە کەرتی تایبەت هۆکارێکی دیکەی چارەسەری ئەم قەیرانەن کە دەکرێت بە گۆڕینی یاساکانی دارایی و دانانی یاسای باج و هەروەها گۆڕینی یاساکانی دارایی کە پشتگیری لە کەرتی تایبەت دەکەن، بەسەر قەیرانەکەدا زاڵ بین، ئەگەر ئەمانە جێبەجێ بکرێن، کەرتی تایبەت بووژانەوە بەخۆیەوە دەبینێت و سوودی زۆریشی بۆ هەرێم هەیە. هەروەها سوودوەرگرتن لە پسپۆڕ و شارەزایان و هاندانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەنتەری رۆشنبیری زانکۆکان یەکێك لە سەرەکیترین رێگاکانن بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان، بۆ نموونە دەکرێت زانکوکان لێکۆڵینەوە لەسەر گرفتەکانی کۆمەڵگە بکەن و رێگاچارەی بۆ بدۆزنەوە.

***ئەو قەیرانە ئابوورییانەی رووی کردووتە هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێم تا چەند پلانی بۆ چارەسەرکردنی هەیە؟**

-خێرایی گۆڕانکارییەکان و گرفتەکانی سیاسی دەستی حکومەتی لەم بابەتەدا تا رادەیەکی زۆر بەستووە. هەرچەندە بە هاوکاری شارەزایانی ناوخۆ و دەرەوە چەندین هەنگاو نراون، بەڵام وەکوو پێویست ئەنجامیان نەبووە، حکومەت دەبێت بۆ کەرتە جیاوازەکان بەتایبەتی روئیایەکی دیاریکراوی هەبێت. ئەوەی من ئاگادار بم، سەرۆکی حکومەتی هەرێم هەوڵی جددی داوە بە سوودوەرگرتن لە رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و شارەزایان و دەوڵەتانی هاوپەیمان بۆ دانانی پلانی پێشەوەبردنی ئابووریی هەرێم. ماوەیەك بەر لە ئێستا کونفرانسێك سازکرا بۆ دانانی ریفۆرم بۆ پێشکەوتنی ئابووریی هەرێم، ئەگەر جێبەجێ بکرێت، ئابووریی هەرێم گەشەیەکی باش بە خۆیەوە دەبینێت، ئەمەش لە ژێر چاودێری و هاوکاری گرووپی G7 و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانە، کە پرۆژەیەکی گشتگیرە.

*لە دوواییین کۆبوونەوەی حەوت وڵاتی گەورەی جیهان برێك هاوکاری دارایی بۆ عێراق دانرا، واش بڕیارە لەم هاوکارییە بەشی هەرێم بدرێت. پشکی هەرێم لەو بڕە پارەیە چەندە و ئایا عێراق بە ناردنی بەشی هەرێم قایل دەبێت؟

- عێراق ماوەیەکە هەوڵدەدات قەرزی بیانی چ لە بانکی جیهانی، یان( IMF دامەزراوەی دارایی نێودەوڵەتی ) دەستبەر بکات، کە بڕی نزیکەی ١٥ ملیارد دۆلارە تا ساڵی ٢٠٢٠، هەروەها لە دوایین کۆبوونەوەی G7 بڕیار درا بە هاوکاریکردنی عێراق و هەرێمی کوردستان بە بڕی نزیکەی (٣,٥) ملیارد دۆلار وەك قەرز، بە مەرجێك لەم قەرزە پشکی هەرێمی کوردستان بدرێت، بەڵام گەشبین نیم بەغدا بە ئاسانی ئەم پارەیە بۆ هەرێم رەوانە بکات.

*** وەك خانمێکی پەرلەمانتار و ئابووریناس تا چەند پرسی ئازادبوونی ئافرەت بە سەربەخۆیی ئابوورییەوە گری دەدەی؟**

- خەباتی ئافرەتان بۆ دابینکردنی مافەکانیان کێشەیەکی جیهانییە. ئەگەر بەراوردی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو بکەین، هێشتا هەنگاوی زۆرمان ماوە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتان، بەڵام لە چاو وڵاتانی دەوروبەر هەنگاوی باشمان ناوە، هەر لە دابینکردنی خوێندن بۆ کچان و دۆزینەوەی هەلی کار بۆیان تا کارکردن بۆ نەهێشتنی توندوتیژی، بەڵام هەر وەك پێویست و لەو رادەیەدا نەبووە کە ئێمە دەمانویست. پێویستە رێکخراوەکانی ئافرەتان بۆ دۆزینەوەی رۆڵی راستەقینەی ئافرەت لە کۆمەڵگە لە بوارەکانی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبەردن هەوڵی زیاتر بدەن. بە رەچاوکردنی ئەم قۆناغە گوازراوەی کە لە پلانی حکومەتدا هەیە بۆ پەرەپێدانی کەرتی تایبەت، ئافرەتان دەتوانن رۆڵی پێشەنگ ببینن بە هەماهەنگکردنی خەباتی رێکخراوی و پیشەییان. بێگومان ئەو ئافرەتانەی کە سەربەخۆیی ئابوورییان هەیە، دەتوانن رۆڵێکی کاریگەرتریان لە گەشەی ئابووریی خۆیان و خێزان و وڵاتەکەشیان هەبێت. هەر بۆیە پێویستە هەموومان پێکەوە و لە هەموو بوارەکان کار بۆ پێشکەوتنی ئافرەتان بکەین.

***ئێستا جۆرێك لە قەیرانی ئابووری هەیە، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ئافرەت هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی مووچە خۆرن، ئایا تا چەند ئەم قەیرانە کاریگەری لە سەر گرنگیی رۆڵی ئافرەتان لە نیو خیزاندا هەیە؟**

- لە هەموو کۆمەڵگەکان روودانی هەر گۆڕانکارییەك راستەوخۆ لەسەر چینی لاوازی کۆمەڵگە وەك ئافرەتان و منداڵان کاریگەری دەبێت، بەتایبەت لە کۆمەڵگەیەکی وەك کوردستان کە بە چەند گۆڕانکارییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کەلتووری و سیاسیدا تێپەڕدەبێت. بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە دەبێت هەموو خەباتی ئافرەتان پەکی بکەوێت. بەپێچەوانەوە ئافرەتان هەروەك چۆن لە شۆڕشی شاخ و شاردا رۆڵی بەرچاویان هەبووە، دەبێت لەم کاتە هەستیارەشدا رۆڵی خۆیان لە پێگەیاندنی نەوەی دوارۆژ و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و تێپەڕاندنی قەیرانەکەدا بگێڕن. بەگشتی ئەم دۆخە کاریگەری نەرێنی هەیە، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانە ئەو کاریگەرییە زیاترە کە هیچ سەرچاوەیەکی داهاتیان نییە و بۆ سەرچاوەی داهات پشت بە کەسانی دیکە دەبەستن، ئەمەش راستەوخو کاریگەری لەسەر کەسایەتییان دەبێت. لێرەدا پێویستە دامودەزگا فەرمییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەم کاریگەرییە نەرێنییە و گۆڕینی بە کاریگەری ئەرێنی رۆڵی خۆیان ببینن.

***لایەنی دیکەی ئەم قەیرانە پێوەندی بە پاشکەوتی حکومەت و مانەوەی خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تایبەت و داینگە و باخچەی ساوایان و قوتابخانە ئەهلییەکانەوە هەیە کە تا ئێستا نرخەکانیان وەك خۆی ماوەتەوە. ئایا وەك پەرلەمان بۆ هاوسەنگیی نێوان پاشکەوت و مانەوەی نرخی خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تایبەت چ پرۆژەیەکتان هەیە؟**

-لە راستیدا دەبێت رۆڵی پەرلەمان رۆڵێکی بەرچاو بێت، بەڵام بە هۆی پەککەوتنی پەرلەمان و ئەنجامنەدانی دانیشتن و کۆبوونەوە لە مانگی ١٠ی ساڵی رابردووەوە هیچ بڕیارێك نەدراوە و هیچ یاسایەك دانەنراوە، بەڵام لە ئەنجومەنی وەزیران چەندین بڕیار دەرچوون بۆ کەمکردنەوەی کرێ خانوو، نرخی داینگە و قوتابخانە ئەهلییەکان، بەڵام هیچ بەدواداچوونێك لە لایەن پەرلەمانەوە نییە.

**بە هۆی پەککەوتنی پەرلەمان و ئەنجامنەدانی دانیشتن و کۆبوونەوە لە مانگی ١٠ی ساڵی رابردووەوە هیچ بڕیارێک نەدراوە و هیچ یاسایەک دانەنراوە، بەڵام لە ئەنجومەنی وەزیران چەندین بڕیار دەرچوون بۆ کەمکردنەوەی کرێ خانوو، نرخی داینگە و قوتابخانە ئەهلییەکان، بەڵام هیچ بەدواداچوونێک لە لایەن پەرلەمانەوە نییە**

**سوودوەرگرتن لە پسپۆڕ و شارەزایان و هاندانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەنتەری رۆشنبیری زانکۆکان یەکێک لە سەرەکیترین رێگاکانن بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان، بۆ نموونە دەکرێت زانکوکان لێکۆڵینەوە لەسەر گرفتەکانی کۆمەڵگە بکەن و رێگاچارەی بۆ بدۆزنەوە**

**لە هەموو کۆمەڵگەکان روودانی هەر گۆڕانکارییەک راستەوخۆ لە سەر چینی لاوازی کۆمەڵگە وەک ئافرەتان و منداڵان کاریگەری دەبێت، بەتایبەت لە کۆمەڵگەیەکی وەک کوردستان کە بە چەند گۆڕانکارییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کەلتووری و سیاسیدا تێپەڕدەبێت. بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە دەبێت هەموو خەباتی ئافرەتان پەکی بکەوێت**